www.kurdistannet.org
29-3-2002 1:54

# چرا

شیعری: خالید مەجید فەرەج

لە کوێی ساقی دەرم بێنی، کە من هۆشیارم ئێستاکە
غەمی دنیام گەلێك زۆرن، ســــــەوابە بۆت دەخێراکە

دەستم بگرە با سەر کەوم، بەرەو دنیای بێ خەمی تۆ
ئێستاکە ئەو مەنزڵێکە، بۆتە ســـــایەی ئەهلی چاکە

دەستم بگرە و لێم مەپرسە کامە ڕێگای تۆیە.....!
ڕووە و هەر کوێ هەنگاو بنێی کانگای عەشق و هەستی پاکە

دەستم بگرە و جارێکی تر چرای ڕۆحم داگیرسێنە
کە چەند ساڵە چاوەڕوانی تیشکێکە لەو نوورە پاکە

دەستم بگرە و دووڕێیانە نـــازانم کامیان بۆم هاتە
دەستی لای دڵم بگرم، یان ڕێگەی ئەقڵم بگرم چاکە